# پەیوەندیی نێوان عەشیرەتی شێخ بزێنی و دانیشتوانی شاری کۆیە و دەوروبەری(1900- 1905) (توێژینەوەیەکی مێژوویی- بەڵگەنامەییە)

**زانا طيفور عبدالصمد**

بەشی مێژوو ،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستانی، عێراق

**پوختە**

هەر کاتێك دامودەزگا حکومییەکان لە هەر ناوچەیەك بەرەو لاوازی دەچێت و کاریگەری و دەسەڵاتی نامێنێت، هێزی دیکە لە شوێنی ئەو سەرهەڵدەدا و ململانێ و ناکۆکی لە نێوان هێزە دەرکەوتووەکان سەر هەڵدەدەن. کۆیە یەکێك بو لەو شارانەی لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم دەسەڵاتی عوسمانی تێدا تەواو لاواز ببوو، ئەمەش هۆکارێك بوو بۆ هێرشـکاریی عەشـیرەتەکانی دەوروبەری بۆ سـەر دانیشـتوانەکەی، یەکێك لە دیارترین ئەم عەشـیرەتانە عەشـیرەتی(شـێخ بزێنییەکان) بوون، کە بابەتی ئەم توێژینەوەی بۆ تەرخانکراوە. ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەندین پرسـیار، هۆکاری ڕوبەڕوبونەوەکانی نێوان عەشـیرەتی شـێخ بزێنی و دانیشـتوانی کۆیە چی بوو؟ ڕۆڵی دامودەزگاکانی دەوڵەتی عوسـمانی لەم ململانێیەدا چی بو؟ ئەم هێرشـکاریانە چەندە زیانی بە خەڵکی ناوچەکە گەیاندووە؟ هەوڵدەدەین گشـت ئەم پرسـیارانە لە ڕێگەی خستنەڕووی چەند بەڵگەنامەیەکی فەرمیی دەوڵەتی عوسمانی و ژمارەیەك سەرچاوەی هاوچەرخ بە ڕوداوەکان و شیکردنەوەی زانیارییەکان وەڵام بدرێتەوە. وەك دیارە لەسـەرەوە ئاماژەمان پێدا، دەمانەوێت تیشك بخەینە سەر ڕووداوێکی مێژوویی کە چەند کاریگەر بووە لەسەر لایەنەکانی پێشکەوتنی شارەکە، هەروەها بوونی کێشەیەکی وا لەو سەردەمە لاوازی دەسەڵاتدارانی عوسمانی دەردەخات، کە زۆربەی کات نەیانتوانیووە، کێشەکان وا بە ئاسانی چارەسەر بکەن، بۆیە پەنا براوە بۆ بەر هێزی تر بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی ئەم دژکاریە، ئێمەش وەکو توێژەرێکی ئەکادیمی دوای شـیکردنەوەی بەڵگەنامەکان، هەوڵماندا بەشـێوەیەکی بێ لایەنانە، ئەم ڕووداوە نیشـان بە خوێنەران بدەین و ڕۆڵی کەسـایەتی حەمائاغای غەفوری و دانیشتوانی شارەکە بەرامبەر ئەو ململانێییە و دژایەتیەی شێخ بزێنیەکان بەرامبەر بە شاری کۆیە بخەینەڕوو.

**وشە سەرەکییەکان:** عەشیرەتی شێخ بزێنی، لاوازیی حوکمڕانی، پێگەی عەشیرەتگەری،کۆمەڵگەی کوردی، دەسەڵاتی عوسمانی لە شاری کۆیە.

## پێشەکی:

لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی لە شاری کۆیە بەرەو لاوازی و بێتوانایی ڕۆیشت، لەم سۆنگەوە ڕوبەروی چەندین هێرشکاری لە لایەن هەمەوەند و شێخ بزێنی بۆوە، هەرچەندە لەوکاتەدا بەرپرسانی شارەکە هەوڵیاندا بارودۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن و ئەو تەنگەژە سیاسییەی بەرۆکی شارەکەی گرتبو چارەسەر بکەن، بەڵام لەبەر بێهێزیی دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی لە ناوچەکەدا، وایکردبو کەسانێکی وەك ئاغا و بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکان ڕۆڵی ئەو بەرپرسیاریەتییە بگێڕن، لەگەڵ ئەوەی ئەو کەسانەش زیاتر لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیان ئەم کارەیان کردووە، بەڵام نابێت ڕۆڵی کەسێکی وەك حەماغای غەفوری نەخرێتەڕو، کە چۆن خۆی عەشیرەتی شێخ بزێنی بۆ شارەکە هێنا و دواتر هەر خۆشی کەوتە بەرهەڵستیکردنیان و هەمو هەوڵێکی خستەگەڕ بۆ دەرکردنیان.

**گرنگیی توێژینەوەکە:** بایەخی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە بۆ یەکەمین جارە، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوەیەکی زانستییەوە تیشك دەخرێتە سەر ڕوداوێکی مێژوویی شاری کۆیە، ئەم توێژینەوەیە پشت بە ژمارەیەك بەڵگەنامەی بڵاونەکراوەی ئەرشیفی عوسمانی و زانیاریی نوێ دەبەستێت، کە بە شێوەیەکی بابەتیانە زانیارییەکان دەخاتەڕو.

**ئامانجی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمییە بۆ نیشاندانی بارودۆخی سیاسیی شاری کۆیە لە سەرەتای سەدەی بیستدا، پاشان دەرخستنی لایەنە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ئەو بارودۆخەی کە عەشیرەتی شێخ بزێنی بەسەر ناوچەکەیان هێنابو.

**میتۆدی توێژینەوەکە:** بە ڕەچاوکردنی بواری زانسـتیی بابەتەکە و گەیشـتن بە ئامانجە زانسـتییەکانی توێژینەوەکە، میتۆدی پەسـنیی مێژوویی و ڕێبازی مێژوویی شـیکارییانە لەم توێژینـەوەیـە پـەیڕەو کراوە، لە ڕێگـەی تێڕامـان و وردبونـەوە لە بـەڵگـەنامـە بڵاونەکراوەکانی ئەرشـیفی عوسـمانی و سـەرچاوە مێژووییەکان، هەروەها توێژەر دید و تێڕوانینی خۆشی خستۆتە سەر.

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٨، ژمارە ١ (٢٠٢٥)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٠ نیسان ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ئایار ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ١٥ کانوونی یەکەم ٢٠٢٥ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: zana.taifor@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٥ زانا طيفور عبدالصمد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp167-177

**گرفتەکانی بەردەم توێژنەوەکە:** یەکێك لەو ئاستەنگانەی کە هاتە بەردەممان بەدەستهێنانی ئەو بەڵگەنامانە بو، کە تێچوی دارایی و ماوەی زۆری پێویست بو، پاشان وەرگێڕانی ئەو بەڵگەنامانە یەکێکی تر بو لە ئاستەنگەکان، سەرەڕای تێچووە داراییەکەی، بەهۆی ئەوەی ئەو بەڵگەنامانە لە کۆندا بە هەر سێ زمانی تورکی وعەرەبی و فارسی نوسراون ئەوەش پێویستی بەکەسێکی شارەزای لەو بوارە هەیە، پاشان یەکێکی تر لە ئاڵەنگاریەکان ئەوەیە، لەبەر ڕێنمایی و مەرجەکانی گۆڤار نەمانتوانیوە، زیاتر لەبابەتەکە ورد ببینەوە.

**سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە:** سەرچاوە گرنگەکانی ئەم توێژینەوەیە بە پلەی یەکەم، بەڵگەنامە و ساڵنامەکانی ئەرشیفی عوسمانین، پاشان سود لە هەندێك سەرچاوەی بەڵگەنامەیی وەرگیراوە، بۆ گونجاندنی زانیارییەکان، هەروەها سود لە هەندێ سەرچاوەی دیکەی شارەکە بینراوە، کە لە نزیکەوە شارەزای ڕوداوەکانی شارەکە بون و لە ڕێگەی سەرنج و تێبینییەکانیانەوە هەندێك لایەنی نادیاری شارەکەیان دەخەنەڕو.

**پێکهاتەی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ تەوەری سەرەکی و پوختە بە زمانی کوردی و ئینگلیزی پێکهاتووە، لە تەوەری یەکەم: باس لە ڕەچەڵەك و ناو و شوێنی نیشتەجێبونی هۆزی شێخ بزێنی کراوە. لە تەوەری دووەم: باس لە چۆنیەتیی هاتنی هۆزی شێخ بزێنی بۆ قەزای کۆیە دەکرێت، پاشان هەڵسوکەوتی ئەم هۆزە بەرانبەر دانیشتوانی شارەکە نیشاندەدەین. لە تەوەری سێیەمدا جەخت لەسەر تێکچونی پەیوەندییەکانی نێوان حەماغا و هۆزی شێخ بزێنی دەکەینەوە، پاشان هۆکاری دەرکردنی ئەم هۆزە لەشارەکە و لە کۆتاییشدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان دەخەینەڕو.

## تەوەری یەکەم: ڕەچەڵەك و ناو و ژمارەی عەشیرەتی شێخ بزێنی لە مێژودا:

### یەکەم: ڕەچەڵەکی عەشیرەتی شێخ بزێنی:

سەبارەت بە ڕەچەڵەك و ڕەگ و ڕیشەی عەشیرەتی شێخ بزێنی، بیروڕای جیاواز لەنێو نوسەراندا هەیە، بە پێی بیروڕای شەرەفخانی بەدلیسی، لە پەڕتوکی شەرەفنامەدا هاتووە، دەڵێت:" شێخ بزێنییەکانی یەکێکن لەهۆزەکانی بۆتان و جەزیرە" (1981، 2/ 276)، هەروەها (زرار صدیق)یش هەمان بیروڕای شەرەفخانی هەیە و پێیوایە (شێخ بزێنییەکان لە بنچینەدا لە هۆزەکانی قەڵای (دێردە)ی سەر بە دەڤەری (تەنزە)ی جەزیرەی بۆتانن، دواتر بەشێك لەو هۆزە بەرەو باشوری کوردستان هاتون، بە درێژایی کەناری چەپی زێی بچوك لە ناوچەکانی ئاڵتون کۆپری بۆ تەقتەق نیشتەجێ بون)(2010، 60-61)، هەروەها (جەمال ڕەشید) پێچەوانەی ڕای ئەوان دەڵێت: "بەپێی ڕێکەوتننامەی 1612ز هەردوو دەوڵەتی عوسمانی و سەفەوی، ویلایەتی شارەزوور وەك بەشێك لە خاکی کوردستان لە ژێر کۆنترۆڵی عوسمانییەکان مایەوە، لەوکاتەدا عوسمانییەکان لەلایەن خۆیانەوە ئاڵوگۆڕی جێنشینی ئەو هۆزە کوردانەیان کرد، کە گوێڕایەڵ و ملکەچیان نەدەبون، لەوانە (شێخ بزێنی)یەکانی ناوچەی کەرکوك بۆ ناوچەکانی ئەنادۆڵ و خوارووی ئەنقەرە گواسترانەوە" ( 2008، 45). لەلایەکی ترەوە موقیمی بەریتانی (ئەدمۆنز) ئاماژەی بەوە کردووە:" ئەو هۆزە نیشتەجێی ژمارەیەك گوندی هەردولای زێی بچوك بون، ناوچەکەیان بە درێژایی 40 مایل بۆ باکوری ڕۆژهەڵاتی کەرکوك درێژ دەبۆوە، ڕەچەڵەکیان بە تەواوی دیار نییە، بەڵام ئاغاکانی ئەم هۆزە بەزۆری خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ چوار برا بە ناوەکانی ( حەسەن ئاغا، مەحمود ئاغا، حاجی هەمزە، مەلا عەباس)، دواتر هەریەکە لە حاجی هەمزە و مەلا عەباس لە ناوچەکانی باکورەوە هاتونەتە ئەم ناوچەیە" (2004، 65-66). هەرچی نوسەری عێراقی عەباس عەزاویشە لەم بارەیەوە دەڵێت:"من هیچ ئاماژەیەکی کۆنی ئەم هۆزەم نەدۆزیەوە و هیچ کەسێکیشم نەبینی باسی بکات، جگە لە خاوەنی پەرتوکی شەرەفنامە نەبێت کە باسی کردون و بە یەکێك لە خێڵەکانی ناوچەی جەزیرەی داناون، دور نییە ئەو خێڵە بە هۆکارێکی پێویست ڕویان لە ناوچەکانی کەرکوك و هەولێر کردبێ، لەگرنگترین سەرکردەکانیان (کەریم ئاغا کوڕی عومەر ئاغا و عەلی کوڕی تۆفیق ئاغا) بون، لە ناوچەکانی دەوروبەری شاری کەرکوك دادەنیشتن و یەکێکی تر لە کەسایەتیەکانی ئەم هۆزە ( شەریف ئاغا)بو کە سەرکردەی ناوچەکانی کۆیە بو، هەریەکە لە ناوچەکانی (چەمچەماڵ و تەقتەق)یش بەشێك بون لە شێخ بزێنییەکانی کەرکوک، شوێنی نیشتەجێبونیان بە زۆری دەکەوێتە سنوری کارگێڕیی ناحیەی شوان و دەوروبەری کە نزیکەی(١٣٠) گوندیان لەژێر دەستدابو، لە گرنگترین گوندەکانیشان ئەمانەن(سارتك، شەیتان، ئاوماڵ، قەرەسالم، کاولەسوار، شەوگێڕ، سێکانی، سێگردکان، ئۆمەرگونبەد، کانی لەلە، قەنبەر، نێرەگین، بانەمۆرد، میرکا، بەلەبان، سماقە، تەقتەق، ناکبان، ئیلنجاغی بچوك، شێخان، ڕوخان، لك)" (1947، 2/ 161-163). هەروەها بە پێچەوانەی ڕای عەباس عەزاوی لە پەرتووکی (إمارة داسن و الشيخان في العهد العثمانى1515-1750ز) بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ڕۆژی(24ی کانونی یەکەمی 1629ز)دەرچووە، ئاماژەی بە نامەیەکی ڕاستەوخۆی سوڵتانی عوسمانی کردووە و دەڵێت" ژمارەیەك کەسی عەشیرەتی شێخ بزینی لەسەر دەستی حەیدەر کوڕی سەرۆکی عەشیرەتی داسەنی لە ناوچەکەدا کوژراون، پاشان سوڵتان فەرمانی کردووە پێویستە بە زوترین کات ئەو کەسە بگیریت و سزا بدرێت "(گولی، 2023، 65-66). لێرەدا دەرکەوێت عەشیرەتی شێخ بزێنی لە سەدەی شازدەوە لە ناوچەکە هەبوون، ئەو زانیارییەی عەباس عەزاوی لە بارەی ئەم هۆزەوە ئاماژەی بۆ کردووە زانیارییەکی ورد نییە.

لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتێکی بەریتانییەکان بەناوی (عشائر كردستان الجنوبية) ئاماژەی بەوە کردووە "هۆزی شێخ بزێنی هۆزێکی شارنشین بون، ئاغاکانی ئەم هۆزە خۆیان دەگەڕێننەوە بۆ چوار برا بەناوەکانی (حەسەن ئاغا ، مەحمود ئاغا، حاجی هەمزە ، مەلا عەباس)، بەڵام ئەم هۆزە ڕەچەڵەکیان بۆ دوو برا دەگەڕێتەوە بە ناوەکانی (مەلا عەباس و حاجی هەمزە)، کە پێش 100 ساڵ لەمەوبەر لە ناوچەی زاخۆ بون، دواتر ئاوارەی ئەو ناوچەیە بون کە ئێستا لێی دەژین، بە بەڵگەی ئەوەی تا ئێستا ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی ئەم عەشیرەتە لە شارەکانی هەولێر و زاخۆ دەژین، سەرەڕای ئەوەی بەردەوام لەدژی عوسمانییەکان یاخی دەبون. شێخ بزێنییەکان لەسەر مەزهەبی شافیعیی سونی بون، قسەیان بە شێوەزاری کرمانجیی خوارو بو" (دائرة الأستخبارات البريطانية، 111،1979-112). پێمانوایە لە بارەی ڕەچەڵەکی هۆزی شێخ بزێنی هەموان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم هۆزە لە ناوچەکانی باکورەوە هاتون و لە ناوچەکانی دەوروبەری کەرکوك نیشتەجێ بون و کردویانە بە نیشتمانی خۆیان.

سەبارەت بە ناوی شێخ بزێنیش هەندێك گێڕانەوەی میللیی نیمچە مێژویی هەیە، ئەوەتا بە پێی ڕای ئەدمۆنز دەڵێت:" باوك و باپیری ئەو چوار برایەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد، شێخێکی زانا و خۆپارێز و ڕێبەری کۆمەڵە دەروێشێکی لە ژمارەنەهاتوو بو، ڕۆژێك لەگەڵ یەکێك لە خزمەتکارەکانی بە سواری هێسترێك بە دەشتێك تێپەڕدەبێت، توشی ژمارەیەك ڕێگر و پیاوخراپ بو، ڕێگەی لێدەگرن، شێخ هەوڵدەدات ئێسترەکەی توند بڕوات، بۆ ئەم مەبەستە بە دار(عەسا) لە ئێسترەکەی دەدات، لەگەڵ

لێدانی هەر دارێك زەنگەسورەیەك لە گوێی ئێسترەکە دەردەپەڕێت و پەلاماری ڕێگرەکان دەدات و هاوار و ناڵەیان لێ بەرز دەبێتەوە، خزمەتکارەکەی شێخ کە شاهێدی ئەو ڕوداوە بووە، بەزمانی فارسی بە شێخی وتووە: (شێخ بزن، شێخ بزن، واتە شێخ لێبیدە، شێخ لێبیدە)، ئەوە پتر هانیداوە کە لە هێسترەکەی بدات، ئیتر ئەم ڕوداوە بووە داستان و نەوە لە دوای نەوە بۆ یەکتری دەگێڕنەوە(2004، 66) . لە ڕاستیدا ئەم داستانە لەلای تاکەکانی پاشماوەی هۆزی شێخ بزێنی لەسەر زاران تائێستا ماوەتەوە، بە بەشێك لە مێژوی هۆزەکەیانی دادەنێن و پێیانوایە وشەی شێخ بزێنی لە وشەی (شێخ بزن یاخود شێخ بازن)ەوە هاتووە.

لە پەرتوکی هۆزی شێخ بزێنییش کۆمەڵێك بیروڕا دەربارەی ناوی ئەم هۆزە خراوەتەڕو، کە زۆربەیان لە شێوەی داستان و گێڕانەوەن، لێرەدا باس لە هەندێکیان دەکەین، یەکێك لەو ڕایانە پێیوایە "گوندێك لەناوچەی پێنجوێنی سەر بە پارێزگای سلێمانی بە ناوی( بزێنیان) هەیە، لەم گوندە ژمارەیەك شێخی دینی و لەخواترس هەبونە، خەڵك زۆر هاتوچۆی ئەو ناوچەیان کردووە و زۆر پرسیاریان لەو ناوچەیە کردووە تا دۆزیویانەتەوە، لە ئەنجامی ئەو زۆر پرسیار کردنە لە سەر زمانی خەڵك بۆتە شێخی بزێنیان"، ڕایەکی تر دەڵێت:" لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا بە ناوچەکانی دەوروبەری ناحیەی (ئاغجەلەر) وتراوە بازیان، لەم ناوچەیەشدا پیاوچاك و شێخی دینی زۆری لێبووە، لە پێشوتر پێیان وتراوە (شێخی بازیانی)، دواتر لەسەر زمانی خەڵکی ناوچەکە بووە بە (شێخ بزێنی)، ئەممەش ڕایەکی بەهێزە، چونکە تا ئێستاش ئەم ناوچەیە زادگا و شوێنی بەشێك لە هۆزی شێخ بزێنییە. جگە لەمانەی سەرەوە کە باسکرا، ڕایەکی تر، کە تاڕادەیەك نزیکە، ئەوەیە کە هۆزی شێخ بزێنی هەمو خێزانەکانی نیشتەجێی دەوروبەری زێی گەورە و زێی بچوکن، لە کۆندا پیاوچاکێکی ئەم هۆزە لە شوێنێك لەسەر زێ نیشتەجێ بووە، کاتێك ئەو زێیە دولەت بووە، کە بە لەهجەی شێخ بزێنی پێیوتراوە (دو بز) واتە (لەت)، دواتر خەڵکی ناوچەکە سەردانی ئەم پیاوچاکەیان کردووە، لەنێوخۆیان پێیانوتووە (شێخی بزێن) لە جیاتی (شێخی دوبز)، پاشان لەنێو خەڵکی ناوچەکە ناوەکە گۆڕانی بەسەر داهاتووە و بووە بە (شێخ بزێنی)"(یوسف شێخ بزێنی، 2015، 39-40).

لە کۆتاییدا بۆمان دەردەکەوێت ڕێبەر یاخود پێشەوای ئەم هۆزە کەسێکی ئاینی و پیاوچاك بووە و پلەی شێخایەتیی هەبوە، بۆیە ناوی هۆزەکە بۆ خودی کەسەکە دەگەڕێتەوە، چونکە لە ناوەکەی دیارە وشەی شێخ پێش وشەی (بزێن) کەوتووە. گشت ئەو ڕایانەی دەربارەی ئەم عەشیرەتە قسەیان کردووە، لەسەر ئەوە کۆکن پیاوێکی ئاینی سەرچاوەی ئەم هۆزەیە، بەڵام بە وردی شوێن و کاتەکەی نەزانراوە، هەروەها زۆربەی گەڕیدە و کەسایەتییەکان کاتێك سەردانی ئەم ناوچەیان کردووە، شوێنی ئەو هۆزەیان لەنێوان هەردو زێی گەورە و بچوك نیشانداوە.

**دووەم: ژمارە و شێوازی ژیانی عەشیرەتی شێخ بزێنی:**

شێوازی ژیانی عەشیرەتی شێخ بزێنی، نیمچە نیشتەجێ و کشتوکاڵکاری و شوانکارە بون (کەریم، 2012، 158)، هەروەها بە پێی ڕای (مارك سایکس)ی بەریتانی ژمارەی ئەم هۆزە نزیکەی (4000) خێزان بون، پیاوەکانیان سوارچاکی گەورە بون و تفەنگی (مارتینی هینری- Martini Henry)یانبەکاردەهێنا. لە وەرزی زستان لە گوندەکان نیشتەجێ دەبون، بەڵام لە وەرزی بەهاران ڕەشماڵیان لە دەوروبەری گوندەکانیان هەڵدەدا. لە مانگی حوزەیران بۆ دروێنەکردن، کۆچیان بۆ سنورەکانی دەوڵەتی فارس دەکرد و لەوێدا خەریکی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیان دەبون، لە مانگی ئەیلولیش بۆ گوندەکانیان دەگەڕانەوە. جلوبەرگی شێوازی فارسیان لەبەردەکرد. بەشێکی تری عەشیرەتی شێخ بزێنی کە ژمارەیان نزیکەی(450) خێزان دەبون، لە دو تا سێ گوند لە نزیك ناوچەکانی ئەرزڕومی تورکیا نیشتەجێ بون، هەروەها (120)خێزانی تریشیان لە نزیك (بویاباد) لە ئەنادۆڵ دادەنیشتن، ئەوانیش گروپێکی تری کۆچەری بون لەو هۆزەدا، ئەمانە لە سەردەمی سوڵتان سەلیمی یەکەم( 1512-1520) لە زێدی خۆیانەوە بەزۆر هاتون بۆ ئەم ناوچەیە" (2007، 37، 90؛ مديرية الاستخبارات العسكرية العامة، د.ت، 63؛ یوسف شێخ بزێنی، 2015، 91)، جگە لەمانەی سەرەوە گروپێکی تری هۆزی شێخ بزێنی لەکاتی ڕاگواستنیان لە ناوچەکانی باشوری کوردستان لە ناوچەی (هایمانا) لە شاری ئەنقەرە جێگیر کران (یوسف شێخ بزێنی، 2015، 79)

لەلایەکی دیکەوە مێجەرسۆن جیگری کونسوڵی بەریتانی لە بەغدا( 1881-1923) لە پەرتوکی (چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خوارو)دا دەڵێت: "ئەم عەشیرەتە سەرۆکی باڵایان نییە، هیچ تیرەیەکیان ناوێکی تایبەتی نییە و هەریەکە لە سەرکردەکان گروپگەلی تایبەتی خۆی بەڕێوە دەبات، گەنگترین سەرکردەکانیش بریتین لە (تۆفیق کوڕی عەبدولوەهاب ئاغا لە گوندی قەسرۆك و شەریف کوڕی عەبدولوەهاب ئاغا لە گوندی تاناقول، عومەر ئاغا کوڕی حاجی یوسف ئاغا لە گوندی قەرەناو، ئەسعەد ئاغا و فارس ئاغا کوڕانی ڕەشید ئاغا لە گوندی سەرچنار، میرال ئاغا کوڕی ئیسماعیل ئاغا لە گوندی ساتوقەڵا، فارس ئاغای کوڕی عەباس ئاغا لە گوندی پەلکانە، عەبدولرەحمان کوڕی یوسف ئاغا لە گوندی عەمدۆن، هەمزە و ڕەشید کوڕانی گۆران ئاغا لە گوندی گۆڕقەرەج، محەمەد کوڕی ئەسما لە گوندی شەوگێڕ)، سەبارەت بە ژمارەشیان نزیکە (600 ) خێزان و (400) ئەسپ و (300) پیادەیان هەبوە، لە کەناری باشوری زێی بچوك و ناحیەی شوان نیشتەجێن، ئەو عەشیرەتە هیچ کات پەلامار و ڕاوەڕوتی لە دژی تورکەکان ئەنجام نەدەدا، بەڵام ژن و منداڵەکانیان ناردبووە ناو چیاکان، خزمایەتیی بە هێزیان لەگەڵ هۆزی شوان هەبو، هیچ کات سەرکردەکانیان خۆبەخۆ شەڕی یەکتریان نەدەکرد" (2007، 83-84). پێمانوایە ئەو عەشیرەتە بەم شێوەیە ژمارەیان کەم نەبوە وەك مێجەرسۆن ئاماژەی بۆ کردووە.

بەپێی ڕاپۆرتێکی دەزگای هەواڵگریی بەریتانیا لە بەغدا لە ساڵی 1919، ئاماژەی بە نەخشەیەك کردووە و دەڵێت "هۆزی شێخ بزێنی، لە لای باکور قەزای کۆیە و لە لای باشورعەشیرەتی شوان دەورەی داوە، لە لای ڕۆژهەڵات ناوچەی تەق تەق، لە لای ڕاستی زێی بچووك و ڕوباری شیوەسور، لەلای چەپی زێی بچوك گوندی گەڵناغاچ هەیە، بۆ ئەم مەبەستە ئەم هۆزە لە قەراغی هەردولای زێی بچوك دەژیان، بە گوێرەی خشتەیەك، خەملاندنی بۆکراوە بەر لە جەنگی یەکەمی جیهان، بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش بون:

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp167-177

| ناوەکان | لای چەپی زێی بچوک | | لای ڕاستی زێی بچوک | |
|---|---|---|---|---|
| | ئێستا | بەر لە جەنگ | ئێستا | دوای جەنگ |
| ژمارەی گوند | 30 | 35 | 20 | 25 |
| ژمارەی خێزان | 230 | 600 | 200 | 450 |
| ژمارەی پیاوی بەتەمەنی پێگەیشتو | 300 | 700 | 240 | 500 |
| ژمارەی ئەسپ | 40 | -- | 30 | -- |
| ژمارەی سەر مەڕ | 2000 | 10000 | 1500 | 7000 |
| ژمارەی سەر مانگا | 200 | 1400 | 200 | 700 |

بە گوێرەی ئەو خشتەی سەرەوە دەردەکەوێت هۆزی شێخ بزێنی لە (50) گوند هەبوون، ژمارەی خێزانەکانی ئەم هۆزە لەبەری چەپ و ڕاستی زێی بچوك (430) خێزان بون، ژمارەی ئاژەڵەکانیش بەم شێوەیە بووە(70) ئەسپ و (3500) سەر مەڕو (400) مانگایان هەبوە. (دائرة الأستخبارات البريطانية، 112،1979-113).

لە گرنگترین سەرکردەکانیان(مەحمود ئاغا) لە گوندی سارتك دادەنیشت و تەمەنی حەفتا ساڵ بو، پیرێکی چاونەترس و خۆشەویست بو، لەناو خەڵکی ناوچەکە ڕێزی لێدەگیرا و توانای بەڕێوەبردنی ناوچەکەی هەبو. هەروەها (فارس ئاغا) لە گوندی سەرچنار دادەنیشت، تەمەنی 30 ساڵ بو پیاوێکی ڕاستگۆ و خاوەن کەسایەتییەکی دڵخۆشکەربو، کوڕی ڕەشید ئاغای سەرۆکی پێشوتری هۆزەکە بو، یەکێك بو لەو کەسانەی زۆر پشتگیریی شێخ مەحمودی کردووە. ( تۆفیق ئاغا) لە گوندی قەسرۆك دادەنیشت و تەمەنی 45 ساڵ بو، مامی فارس ئاغا بو، ڕوخۆشێکی تەڵەکەباز بو، بەرپرسی کوشتنی گەلێك کەس بو، لایەنگری شێخ مەحمود بو.( فارس ئاغا) لە گوندی پەلکانە دادەنیشت. دواهەمینیان (مەمحود ئاغا کوڕی یوسف ئاغا) بو. (دائرة الأستخبارات البريطانية، 1979 ،115).

هەر لە بارەی دابەشبونی شێخ بزێنییەکان و ژمارەیان، هەندێك ڕای تریش هەیە؛ بە گوێرەی پەرتوکێکی بەڵگەنامەیی ئاماژەی بۆ کردووە "ئەم هۆزە ژمارەیان نزیکەی (4000)خێزان بووە، بەسەر (50) گوند دابەش بوبون" (العسكرية العامة،د.ت، 6366). لە بارەی عەشیرەتی شێخ بزێنییەوە بە گوێرەی ئەو بیروڕایانەی نیشانماندان، مێژوی هاتنیان بۆ ناوچەکە نادیارە و ئامارێکی ورد لەسەریان نییە، ئەوەی نوسراوە تەنها خەملاندێکی گشتییە، هەروەها ئەم هۆزە پیشەیان کشتوکاڵکردن و ئاژەڵداری بووە، هەوڵیانداوە لەو ناوچانە نیشتەجێ بن، کە ئاویان لێ نزیکە، بەردەوامیش بەدوای خاکی بەپیت و لەوەڕگای باشدا دەگەڕێن.

## تەوەری دووەم: دەرکەوتنی جموجۆڵی عەشیرەتی شێخ بزێنی لە دەوروبەری شاری کۆیە

### یەکەم: هۆکاری هاتنی عەشیرەتی شێخ بزێنی بۆ شاری کۆیە:.

عەشیرەتی شێخ بزێنی، هەروەك لە پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، یەکێك بو لەو عەشیرەتانەی لە ناوچەکەدا ڕۆڵی کاریگەری هەبو، ئەو عەشیرەتە بەهۆی نزیکیی سنوری جوگرافیان لە قەزای کۆیە و دەوروبەری، هەوڵیان دەدا دەست بەسەر بەشێك لە گوندەکان دابگرن، بۆئەم مەبەستە بواریان بۆ ڕەخسا، بەتایبەتی دوای ئەوەی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم دەوڵەتی عوسمانی ژمارەیەك خێزانی عەشیرەتی (هەمەوەندی)[1] بۆ قەزای کۆیە ڕاگواست و لەو شارە نیشتەجێی کردن، بەڵام ژمارەیەك لەوانە هەڵاتن و گەڕانەوە شوێنی خۆیان، ئەمەش بووە مایەی ترس بۆ بەرپرسانی ناوچەکە. لە ڕاستیدا ئەو عەشیرەتە بەردەوام لەسەر ڕێگەکانی نێوان قەزای کۆیە و سەنجەقی کەرکوك پێکدادانیان لەگەڵ کاربەدەستانی عوسمانی هەبو (جەنگی، 2019، 2/47-48) ، هەر بۆ ئەم مەبەستە (حوسێن عەزیز)، کە یەکێك بووە لە سەرۆکخێڵەکانی هەمەوەند، بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی کە لە ساڵی (1307ك/ 1890ز) لەلایەن سوپای کەرکوکەوە دەرچووە، ئەو کەسایەتییە خۆی و (32) ئەسپ لە گوندی تەکەڵتوی قەزای کۆیە دەرکەوتووە، ڕوبەروی سوپای عوسمانی بۆتەوە، لە ئەنجامدا کەسێك بەناوی ( محەمەد کوڕی حەسەن) لە هەمەوەندەکان بریندار بووە، هەندێك لە ئاژەڵەکانیشیان لێ بەجێماوە (ڕەحمان، 2021، 64/12).

لە سەرەتای سەدەی بیستدا بارودۆخی شاری کۆیە بە قۆناغێکی نالەباردا دەڕۆیشت؛ دەسەڵاتی عوسمانی لەشارەکە لاواز بوبو و ژمارەیەك هۆز و خێڵ دەورەی شارەکەیان دابو، هەندێك لە بنەماڵە دەستڕۆیشتووەکانی شار دەیانویست باڵادەستیی خۆیان بەسەر شارەکەدا بسەپێنن، حکومەت نەیدەتوانی کۆنترۆڵی هەمو شارەکە بکات. لەوکاتەدا ژمارەیەك چەکداری هۆزی هەمەوەند کە پێنج کەس دەبون، لە گوندی شیوەجانی دەشتی کۆیە بنکەیان دانابو و سەرانەیان لە خەڵکی گوندەکانی دەشتی کۆیە وەردەگرت، هەروەها لە کاتی ڕۆشتنی کاروانە بازرگانییەکان بۆ ناوچەکانی زێی بچوك تاڵانیان دەکرد و هیچ حیسابیان بۆ دەسەڵاتدارانی شارەکە نەدەکرد، ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لەناو خەڵکی ناوچەکە پەیداکردبو(حەوێزی، 1984، 97). لە ڕاستیدا ئەو بارگرژی و نائارامییەی قەزای کۆیە گرتبۆوە، بە هۆی خراپیی بەڕێوەبردنی شارەکەوە بو، چونکە بەشێك لە قایمقامەکانی ئەوکاتەی عوسمانی هەوڵیان نەدەدا ئەو کێشانە چارەسەر بکەن، بەڵکو خۆیان لەئاست کێشەکان بێدەنگ کردبو(جەنگی، 2019، 2/92).

هەر بۆ ئەم مەبەستە (حەماغای کوڕی مەحمود ئاغا)[2]ی سەرۆکعەشیرەتی غەفوری، کە یەکێك بو لە کەسایەتییە دەستڕۆیشتووەکانی شاری کۆیە، ڕایگەیاند هەرکەسێك بتوانێت شەڕی هەمەوەندەکان بکات خەڵاتی دەکەم، وا دیارە ئەم هەواڵە کاریگەریی لەسەر (سمایل ئاغا)ی سەرۆکهۆزی شێخ بزێنی دەبێت و بەدەم داواکارییەکەی حەماغا دەچێت تا شەڕی هەمەوەندەکان بکات. پاش گەیشتنی بە شاری کۆیە، لە گوندی (یارەمیش)ی سەر بە قەزای کۆیە لەلای (عەبدوڵا کوڕی مەحمود) میوان بووە، بۆ ڕۆژی دواتر گەیشتۆتە گوندی شیوەجان، بە براگەورەی هەمەوەندانی وتووە ئێرە چۆڵ بکەن، ئەوانیش گوێیان بۆ داواکارییەکەی سمایل ئاغا ڕانەگرتووە. لە ڕێگە سمایل ئاغا بە پیاوەکانی وتووە ئەگەر بەقسەیانکردین باشە، ئەگەرنا من دەستم بە لاسمێڵێکم داهێنا ئێوە لێیان بدەن. پاش ئەوەی گەیشتنە ناوچەکە، سمایل ئاغادەڵێت حەقی وایە ئێوە ئێرە بەجێ بهێڵن، بەرانبەر حەماغا سەربزێوی نەکەن، سەرۆکی هەمەوەندەکان لە وەڵامدا دەڵێت حەماغا کێیە ؟ئەتوش وەرە بزانم بەقەدەر ئەو دەبی، یەکسەر سمایل ئیشارەت بۆ لایەنگرانی دەکات و تەقەیان لێ دەکەن لە ئەنجامدا چوار کەسیان کوژرا و پێنجەمیش بە برینداری هەڵدێت، دەستیان بەسەر هەمو ئەوشتانەی هەمەوەندەکان تاڵانیان کردبو داگرت، بەم جۆرە هەمەوەندەکان لە کۆیە نەمان و ئەم ئازایەتیە بۆسمایل ئاغا و شەریف ئاغای برای مایەوە و هەندێك

ناوچەی لە دەشـــتی کۆیە وەرگرت (حەوێزی، 1984، 2/ 97-98). ئەم ڕوداوە، سەرەتای هاتنی عەشیرەتی شێخ بزێنی بو بۆ قەزای کۆیە و دەوروبەری.

لە ڕاستیدا دۆستایەتیی نێوان حەماغا و عەشیرەتی شێخ بزێنی بۆ دوای ئەم ڕوداوە دەگەڕێتەوە، لەوکاتەدا بۆ مەبەســتی بەرگریکردن لە شــاری کۆیە و ناوچەکانی ئاغای غەفوری لە دەســتدرێژیی هەمەوەندەکان، ئەم پەیوەندییە دروســتبو، ئامانجی حەماغا ڕون بو، تا بتوانێت لەم ڕێگەیەوە بەرژەوەندیەکانی خۆی بپارێزێ، بەڵام زۆری نەخایاند، ئاغاکانی شێخ بزێنی لە بەپیت و بەرەکەتی گوندەکانی دەشتی کۆیە گەیشتن و تەماحیان چووە ناوچەکە و جێپێی خۆیان لە دەڤەرەکە جێگیرکرد ( محمد، 1986، 49)، دواتر هەریەکە لە (تۆفیق ئاغا) و (سمایل ئاغا)ی برای، توانییان دەست بەسەر گوندەکانی دەشـــتی کۆیەدابگرن، هەرچەندە ســـمایل ئاغای برای پیاوێکی ئازا و بە ویژدان بو، بەڵام تۆفیق ئاغای برای توند بو، سەرەتا لە گوندی گۆمەشین دادەنیشتن، دواتر هەر بەوە ڕازی نەبون و پەلیان بۆ گوندەکانی تریش هاویشت(یوسف شێخ بزێنی، 2015، 113).

## دووەم: مامەڵەی ســەرکردەکانی عەشیرەتی شێخ بزێنی بەرامبەر دانیشتوانی کۆیە و دەوروبەری:

دوای ئەوەی بەشێك لە ئاغاکانی شێخ بزێنی لە گوندەکانی دەشتی کۆیە نیشتەجێ بون، هەندێ کات هێرشیان دەکردە سەر دانیشتوانی شاری کۆیە و دەوروبەری، بەردەوام هەوڵی تاڵانکردنی گوندەکانی دەوربەری ڕانیە و کۆیەیان داوە؛ ســـاڵی (1317ك/ 1901ز)، سەربازانی شاهانە کۆکراونەتەوە نێردراون بۆ پاراستنی خەڵکی ناوچەکە، دوای ئەوەی ڕوبەڕوبونەوە لەنێوان عەشیرەتی شێخ بزێنی و خەڵکی ناوچەکە ڕویداوە، کوژراو و بریندار لە هەردولا هەبوە، پاشـــان تەلەگرافی نهێنی لەلایەن والیی موسڵ (نازم) پاشاوە، بۆ چارسەرکردنی ئەوکێشە کراوە، (جەنگی، 2019، 2/ 112)، بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێك شێخ بزێنییەکان لە ناوچەکە جێپێی خۆیان قایمکرد، کەوتنە پەلهاویشـــتن و تاڵانکردن و ڕێگرتن لە خەڵکی، تا کار گەیشـــتە ئەوەی هەندێکجار لەناو شاری کۆیە ڕاووڕوتیان دەکرد.(محمد،1986، 49).

زۆربەی کات هۆزەکانی نێوان ســـەنجەقی کەرکوك و قەزای کۆیە، ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە بۆ ویلایەتەکانی موسڵ و بەغدا دەڕۆیشتن، تاڵانیان دەکردن. ئەوەتا بە گوێرەی بەڵگەنامەیەکی عوسمانی، کە لە ڕۆژی (27ی زولقەعدەی 1319ك/ بەرانبەر 9ی ئازاری 1902ز) دەرچووە، حاجی ڕەشید والیی موسـڵ نامەیەکی بۆ وەزارەتی ناوخۆ ناردووە، داوای پاراســـتنی ڕێگای کاروانە بازرگانییەکانی نێوان قەزای کۆیە و هەولێری، لە مەترسیی هۆزەکانی هەمەوەند و شێخ بزێنی کردووە، پاشان قایمقامەکانی کۆیە و هەولێر لەگەڵ (عەبدولکریم) ســەرۆکهۆزی هەمەوەند و (ئەسعەد و تۆفیق) سەرۆکهۆزی شێخ بزێنی دانیشتون، لەسەر ئەوە ڕێککەوتون ئەو کەلوپەلانەی شێخ بزێنییەکان و هەمەوەندەکان دەستیان بەسەرداگرتون، بۆ خاوەنەکانیان بگەڕێنرێنەوە و هێزێکی پاراســـتن کە ژمارەیان لە نێوان (80 -100) کەس دەبون بۆ ناوچەکە نێردراوە(B.O.A, DH_TMIK_M_00120_00024_001_001)[3].

یاخیبونی هۆزی شێخ بزێنی درێژەی کێشاوە و سودیان لە بێهێزیی دەسەڵاتدارانی عوســـمانی لە ناوچەکە بینیوە. بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك، لە ڕۆژی (3ی مایسی ـــ 1318هـــ/ 16ی مایسی 1902ز)دەرچووە، تەلەگرافنامەیەکی نهێنی لەلایەن عوسمان پاشــای موتەســەریفی ســەنجەقی کەرکوکەوە بۆ فەرمانگەی کاروباری ناوخۆی خانەی نوسراوەکانی ناردووە، ئاماژەی بەوە کردووە "کە ماوەیەکە شـــەڕ و ناکۆکی لە نێو قەزاکانی (کۆیە و ڕانیە) ســـەریهەڵداوە، بۆ ڕێگریکردن لە فراوانبونی ئاژاوەی نێوان شێخ بزێنییەکان و خێڵەکانی قەزای کۆیە، هێزی سەربازیی فیرقەی شاهانە دەستی بە جوڵە کردووە، لەگەڵ گەیشتنی سەربازانی شاهانە بۆ قەزاکە، هەریەکە لە هۆزەکان بەرەو ناوچەکانی خۆیان کشانەوە و ئاژاوەکە دامرکایەوە و عەشیرەتەکانیش بەرەو ناوچە کوێستانیەکانی سنوری ئێران گەڕانەوە. لە ئەنجامدا، بەهۆی درەنگگەیشتنی سوپای عوسمانی، لەم شەڕەی پێشتر کردبویان هەردولا (30) کەسیان لێ کوژراوە و نزیکەی (20) کەسیشیان بریندار بووە، (11) گوند، دو مزگەوت، (164) ماڵ سوتێندراون، هەندێك سامانی خەڵکی ناوچەکەش تاڵان کراوە. دوای ڕۆشتنەوەی سەربازانی شاهانە بۆ سەنجەقی کەرکوك، ئەمجارە کێشە لە نێوان عەشیرەتی شێخ بزێنی و هۆزی دزەیی ڕویداوە، لە هەردو لایەن (18) کەس کوژرا و (13) بریندار بووە و یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری هەولێر، کە لە (80) ماڵ پێکهاتبو لەگەڵ مزگەوتێك، بەتەواوی وێران بووە، لە گوندێکی تریش (3) ماڵ ســـوتێندراوە و ســـامانێکی یەکجار زۆریش تاڵان کراوە، بۆ گێڕانەوەی ســامانە تاڵانکراوەکان هەرچەندە قایمقامەکانی کۆیە و هەولێر ســـەردانی گوندەکانیان کردووە، بەڵام والیی موســـڵ هیچ گرنگی بەو بابەتە نەداوە. سوپای ناوچەکە هەوڵیداوە، دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن و ئەو کەسانە دەستگیربکەن کە هـەڵاتـون" (B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_033_001)[4]

کەموکوڕیی ئەو بەڵگەنامەیە لەوەدایە، ناوی ئەو گوندانەی دیاری نەکردووە، کە شێخ بزێنییەکان سوتاندیان و کوشتاریان تێدا ئەنجامداوە.

وادیارە لەســـەر ئەم ڕوداوە، والیی کەرکوك سزا دراوە، بە پێی بەڵگەنامەیەك کە لە ڕۆژی( جەمادی یەکەم 1318ك/ 29ی مایسی ــ 1902ز)دەرچووە و دەڵێت: "هەرچەندە عوسمان پاشا تەلەگرافنامەی بۆ ئیســتانبۆڵ ناردووە، بەڵام دواتر خۆی هیچ کارێکی نەکردووە بۆ ڕوبەڕوبونەوەی ئەم عەشـــیرەتە و فەرمانەکانی ســـوڵتانی جێبەجێ نەکردووە، تەنها وەکو ســـەیرکەر تەماشـــای ڕوداوەکانی کۆیەی کردووە، سەرەنجام ناچارکراوە دەست لەکاربکێشێتەوە" (جەنگی، 2019، 2/138).

پاش ئەوە جارێکی تر بەگوێرەی بەڵگەنامەیەکی نهێنی، ڕۆژی (10ی حوزەیرانی 1318هـــ/ 23ی حوزەیرانی 1902ز) تەلەگرافنامەیەکی نهێنی لەلایەن حاجی ڕەشید والیی موســڵ و موتەســەڕیفی ســەنجەقی کەرکوك، بۆ فەرمانگەی کاروباری ناوخۆ و بابولعالی نێردراوە ئاماژەیان بەوە کردووە" پێویسـتە بە زوترین کات کۆتایی بە کێشـە و ئاژاوەی نێوان حەماغای کۆیە و شـــێخ بزێنییەکان بهێندرێت، ئەو کەســـانەش سزا بدرێن کە کاری نابەجێیان ئەنجامداوە، بەڵام بەهۆی پشـتگوێخسـتنی کاربەدەسـتانی عوســمانی و وەڵامنەدانەوەی ئەو نامانەی لە ســەنجەقی کەرکوك و ویلایەتی موســڵ بۆ ئیســتانبۆڵ دەنێردران، وای لە شێخ بزێنییەکان کردبو جگە لە شاری کۆیە پەلاماری هەندێك شوێنی تریش بدەن؛ هەر لەم کاتانەدا ئاغایانی شێخ بزێنی هەڵیانکوتایە سەر ناحیەی (خدران) و دەوروبەری گوندی شـــەهر لە ناوچەی بیتوێن، چەندین ماڵیان سوتاند و دوای ڕوبەڕوبونەوە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکە، زیاتر لە (100) کەس کوژران و ماڵ و کەلوپەلی خەڵکیش تاڵانکرا. لە دوای ئەم ڕوداوە موتەســـەڕیفی پێشـــوی کەرکوك (عوســـمان پاشـــا)، ڕوی کردە ناوچەکە و لەگەڵ ئاغاکانی شـــێخ بزێنی وەك (یوســـف و بنالوقە و تۆفیق) لە گوندی شـــەوگێڕ بۆ ماوەی یەکدو کاتژمێر بە نهێنی لەگەڵیان کۆبۆوە و داوای لێکردن بگەڕێنەوە شـــوێنی خۆیان، پاشـــان یاخیبووەکان گەڕانەوە شـــوێنی خۆیان و موتەســـەڕیفی ناوبراویش گەڕایەوە قەزای کۆیە و داوای لەوخەڵکە کرد کە هاوار و سکاڵایان بۆ هێنابو بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان، ئەو کێشەکە چارەسەرکرا، بەڵام دواتر دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کە پارەیەکی زۆر لە خەڵکی ناوچەکە وەرگیراوە و شێخ بزێنییەکانیش نەیانتوانیوە دان بەخۆیاندابگرن و بەڵێنەکەیان جێبەجێ

بکەن، بەڵکو لە جاران بە گوڕوتینتر دەستیان بە خەڵککوشتن و گوندسوتاندن لە ناوچەکە کردەوە" (B.O.A,DH_TMIK_M_00127_00004_001_001)[5]. وا دەردەکەوێت لەسەر ئەم ڕوداوە قایمقامی قەزای کۆیە (سەعید ئەفەندی) لێپێچینەوەی وردی لەگەڵ بەرپرسانی سەربازیی شارەکە و سەرپێچیکاران نەکردووە، بەڵکو بەبیانوی نەخۆشی هیچ هەڵوێستێکی نەنواندووە(ئەحمەد، 2023، 65).

بەشێك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی ئاماژەیان بەوە کردووە "هۆکاری ڕوداوەکانی شاری کۆیە بۆ دەستبەسەر و ڕادەست نەکردنی تاوانبارانەکان بە دادگا دەگەڕێتەوە، چونکە ئەگەر تاوانباران سزا بدرانایە، ئەوا دوژمنایەتیی نێوان عەشیرەتەکان کەمدەبۆوە، هەروەها ئەگەر بێتو ئەو ماڵ و سامانانەی لەکاتی هێرشکردنە سەر یەکتری بەتاڵانیان دەبرد، لەلایەن دادگاوە بگەڕێندرایەوە، ئاسایش و ئارامی لە قەزاکە سەقامگیر دەبو (B.O.A,DH_ŞFR_00285_00087_001-2)[6]، هەر بۆ نمونە بە پێی بەڵگەنامەیەك کە ڕۆژی (10ی حوزەیرانی 1318هـ/23ی حوزەیرانی 1902ز)، لەلایەن حاجی ڕەشیدی والیی موسڵەوە بۆ وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، ئاماژەی بەوە کردووە "کاتێك حەماغا لەگەڵ شێخ بزێنییەکان بەردەوام کێشەی هەبوە، ژمارەیەك لە لایەنگرانی ئەم عەشیرەتە هەڵیانکوتاوەتە سەر گوندەکانی حەماغا و خەڵکیان کوشتووە و تاڵانیانکردووە، دادگاش لە گرتنی تاوانباران کەمتەرخەم بووە، جگە لەوەش قایمقامی کۆیەش وەک پێویست گرنگیی بەو بابەتە نەداوە، بۆیە ئەوانە لە کارەکانیان بەردەوام بون" (B.O.A,DH_ŞFR_00287_00087_001-3)[7] .

بەم جۆرە، بەشێك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی ئاماژە بەوە دەکەن، شێخ بزێنییەکان چاویان لەسەر ناوچەکە بووە، بۆیە ئەو هەمو سەرەڕۆییەیان کردووە، حەماغای کۆیش لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە ئابورییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا ڕێگریی لێکردون، ئەمە هۆکاری بەردەوامیی کێشەی نێوانیان بووە. هەر بۆئەم مەبەستە بەگوێرەی بەڵگەلنامەی ژمارە(1933) لە ڕۆژی(14ی جەمادی یەکەمی 1320ك/ 19ی ئابی 1902ز)نوسراوێك بۆ سەرۆکوەزیران (محەمەد سەعید)پاشای بچوك نێردراوە، کە هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە ڕەوانە بکات، پاش ئەوە موشیری سوپای شەشەمی هومایۆنی ڕۆشتووە بۆ ناوچەکە و هەریەکە لە (ڕەشید )ئاغای سەرۆکهۆزی شێخ بزێنی و (حەماغا)ی غەفوری سزا داون و بۆ ماوەیەك لە سەنجەقی کەرکوك زیندانی کراون، دواتر هەردوکیان داوای لێبوردنیان لە خەلیفەی عوسمانی کردووە و بەڵێنیانداوە، کە جارێکی تر ئاژاوە لە ناوچەکە دروست نەکەنەوە، پاشان خەلیفە لێیان خۆشبووە. ئەمە سەرەتایەك بووە بۆ ئاشتبونەوەی نێوان هۆزەکانی ڕانیە و شێخ بزێنییەکانیش(B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_059)[8].

وەك دەردەکەوت، دەسەڵاتدارانی عوسمانی، لە سەرەتای ململانێیی نێوان حەماغا و شێخ بزێنییەکان، بێهەڵوێست بون، بەگوێرەی بەڵگەنامەیەك لە ڕۆژی( 26ی کانونی دووەمی 1318هـ/8ی کانونی دووەمی 1903 ) بۆ کاروباری وەزارەتی ناوخۆ نێردراوە، ئاماژە بەوە کراوە" (ڕەشید کوڕی عەبدولوەهاب) سەرۆکعەشیرەتی شێخ بزێنی و هەندێك لە لایەنگرانی هێرشیان کردۆتە سەر گوندەکانی ئاغاکانی کۆیە و نزیکەی (40-50)کەسیان کوشتووە و تەنانەت سەربازێکی شاهانەش کوژراوە، پێوستە بە زوترین کات سزا بدرێت"(B.O.A,DH.TMIK.M_00138_00012_002)[9]. لە ڕاستیدا دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە سەرەتای سەدەی بیستدا، لە لایەنی سیاسی و سەربازییەوە، لە شارەکە، بێهێز بوبون و توانای ڕوبەروبونەوەی ئەم هۆزانەیان نەبوە، وا دەردەکەوێت لەوکاتەدا حەما ئاغا، وەك کەسێکی سیاسی و سەربازی، خۆی بە داکۆکیکاری شارەکە لە قەڵەمداوە، بەوپەڕی توانای خۆیەوە شارەکەی لە دەستدرێژیی هۆزەکانی ناوچەکە پاراستووە (ئەحمەد و نوری،2019، 6/ 102). ئەوەی جێگەی سەرنجە حەمائاغا دیبلۆماسیەتێکی تایبەتی هەبوە، بە هۆی ئەوەی سەرۆکهۆزێکی دەوڵەمەند و کەسێکی دەستڕۆشتوی خاوەن ئەزمون بووە، بەو پێیەی لەناو دەوڵەتی عوسمانییش جێگای بایەخ بووە، لەبەر ئەوە زۆرجار حیسابیان بۆ کردووە، تەنانەت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی هۆزەکان، زۆرجار بۆ پاڵپشتی، هێزی سەربازییان لەگەڵ جوڵاندووە، ئەویش ئامادە بووە هەمو کارێك لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و شاری کۆیە و بنەماڵەکەی بکات، تەنانەت ئامادە بووە ڕوبەروی عوسمانییەکانیش ببێتەوە گەر پێویست بوایە.

ناتوانین بڵێین کاربەدەستانی عوسمانی لە شاری کۆیە هیچ هەوڵێکیان نەداوە، کێشەکانی هۆزی شێخ بزێنی لە شارەکە چارەسەر بکەن، بەڵام توانای ڕوبەڕوبونەوە و سزادانیان لاواز بووە، ئەوەتا بەگوێرەی بەڵگەنامەی ژمارە(218) لە ڕۆژی (1ی موحەڕەمی 1321ك/ 30ی ئازاری 1903ز) لەلایەن والیی موسڵ بۆ کاربەدەستانی عوسمانی نێردراوە، گازاندەی کردووە و دەڵێت:" هەریەکە لە قایمقامی قەزای کۆیە و سەرۆکشارەوانی و فەرمانبەری دادوەری لەگەڵ زانا و شێخ و خەڵکی ناوچەکە، بەبێ پرس کۆبونەوەی نهێنییان لەگەڵ ئاغایانی شێخ بزێنی کردووە و هەوڵی نێوەندگیرییان لە نێوان حەماغا و شێخ بزێنییەکان داوە. لەسەر ئەو کۆبونەوەیە والیی موسڵ توڕە بووە و داوای کردووە لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو کۆبونەوە نهێنییە پێکبهێنرێت. بۆئەم مەبەستە لیژنەیەکی دووکەسی لە وەزارەتی ناوخۆ لە ئیستانبۆڵەوە هاتووە، دەرکەتووە، ئەو کۆبونەوەیەی لە نێوان کاربەدەستانی عوسمانی لە قەزای کۆیە لەگەڵ هۆزی شێخ بزێنی ئەنجامدراوە، لەپێناو ڕەواندنەوەی ناکۆکیی نێوان خەڵکی کۆیە و هۆزی شێخ بزێنی بووە، بەڵکو لەسایەی حەزرەتی خەلیفە هیچ شتێکی گرنگ ڕوینەداوە، لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو هەواڵانەی لەلایەن بینابشی نیزامی قەزای ناوبراو نێردراوە لەو بارەیەوە تەنها لە وەهمی خۆیەوە سەرچاوەی گرتووە"(B.O.A,DH_MKT_00659_00068_003_001)[10]. وەزارەتی ناوخۆی دەوڵەتی عوسمانی، ئەو ئاشتەواییەی نێوان شێخ بزێنییەکان و خەڵکی کۆیە و ڕۆڵی سەرۆکی شارەوانی (سادق ئاغا) تێیدا، بە گرنگ وەسف دەکات، هەر ئەمەش وایکردووە بۆ ماوەیەکی دورودرێژ ناوبراو لە پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی شارەوانیدا بمێنێتەوە ( B.O.A,DH.MKT.00059_00068_002)[11] .

بەهۆی لەخۆبایی و پشتگوێخستنی یاسا، وای لێهاتبو ئاغاکانی شێخ بزێنی گوێیان بە سزادانیش نەبو؛ ئەوەتا بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی ویلایەتی موسڵ، کە ڕۆژی 5ی مانگی شەوالی 1321ك/ 25ی کانونی یەکەمی 1903) دەرچووە، ئاماژە بەوە کراوە "بە هۆی کارە خراپەکانی ئاغاکانی شێخ بزێنی دادگای کۆیە بڕیاری سزادانی بۆ(تۆفیق ئاغا کوڕی عبدالوهاب ئاغا) دەرکردووە، کە دانیشتوی گوندی خرابە بووە، تاوانبارە بە تاڵانکردنی کەلوپەلی چەند کەسێکی خەڵکی کۆیە و چەکهەڵگرتن دژی سەربازانی شاهانە" (ڕۆژنامەی ویلایەتی موسڵ،(1321ك/1904ز)، 4/719).

هەرچەندە پێشتر ئێمە ئاماژەمان بۆ بێهەڵوێستیی کاربەدەستانی عوسمانی بەرانبەر ڕوداوەکانی قەزای کۆیە کرد، کە سزا نەدراون، بەڵام ئەوەتا بەپێی بەڵگەنامەیەکی تر، کە ڕۆژی (8ی شەوالی 1321ك/ 28ی کانونی یەکەمی 1903ز) دەرچووە و تەلەگرافنامەی نهێنی لە ویلایەتی موسڵ هاتووە، بەوەی کە (موحسین پاشا)ی فەرماندەی فیرقەی سەربازیی (12)ی موسڵ لە پۆستەکەی دوربخرێتەوە، بەهۆکاری ئەوەی بۆ ماوەی دوو ساڵە هیچ هەوڵێکی نەداوە بۆ لەناوبردنی جەردەکان و دورخستنەوەی هێرشی عەشیرەتەکانی (شێخ بزێنی و هەمەوەند و تاڵەبانییەکان)ی

كەركوك بۆ سەر قەزای كۆیە، چونكە ئەم عەشیرەتانە هەمیشە بۆ عوسمانییەكان مایەی ترس بون، بەهۆی زیانگەیاندنیان بە كاروانە بازرگانییەكان و بواری ئاژەڵداری لەناوچەكەدا، دواتر (یوسف پاشا)ی میر لیوای رەدیفی سلێمانی لە شوێنی ئەو دانراوە(B.O.A, DH_ŞFR_000319_00053_001-2)[12]. ناتوانین نكۆڵی لەوە بكەین كە كاربەدەستانی عوسمانی هیچ هەڵوێستێكیان نەبووە بەرانبەر ڕوداوەكانی قەزای كۆیە و دەوروبەری، بەڵام زۆربەی كات هەڵوێستەكانیان تەنها قسە بووە و سەرپێچیكاران سزای قورس نەدراون.

## تەوەری سێیەم: هۆكاری تێكچونی پەیوەندییەكانی عەشیرەتی شێخ بزێنی لەگەڵ دانیشتوانی شاری كۆیە و دەركردنیان لە ناوچەكەدا:-

### یەكەم: تێكچوونی پەیوەندیی نێوان حەماغا و هۆزی شێخ بزێنی:

لەسەرەوە ئاماژەمان بەوە كرد، سەرەتای هاتنی هۆزی شێخ بزێنی بۆ هاواری حەماغا و دەركردنی هۆزی هەمەوەند لە دەشتی كۆیە دەگەڕێتەوە، بەڵام زۆری نەخایەند بەهۆی ڕەفتارە نابەجێیەكانی عەشیرەتی شێخ بزێنی، كە لە ناوچەكە ئەنجامیان دا، پەیوەندیی نێوانیان تێكچو، لەلایەكی دیكەوە بەشێك لە سەرچاوەكان پێیانوایە هۆكاری تێكچونی پەیوەندیی نێوان حەماغا و شێخ بزێنییەكان بۆ كێشەی گوندی خرابەی دەشتی كۆیە دەگەڕێتەوە، كە( ئێستا پێیدەڵێن ناحیەی ئاشتی)؛ كاتێك (جەمیل ئاغا)ی حەویزی خاوەنی ئەم گوندە بو، لە دوای مەرگی باوكی بەهۆی كێشەی بەشمیراتی بنەماڵەكەیان، هەوڵیداوە بە (100) لیرە بە (تۆفیق ئاغا)ی سەرۆكهۆزی شێخ بزێنی بفرۆشێت. كاتێك حەماغا بەم مامەڵەی زانیوە، بە دوای جەمیل ئاغایدا ناردووە، دوای چونی جەمیل ئاغا بۆ لای حەماغا، پارەكەی پێداوە و پێی وتووە نابێت ئەم گوندە بە ئەوان بفرۆشێت! بۆیە دێیەكەی بۆ خۆی هەڵگرتۆتەوە، خوارزایەكی خۆی كە زاواشی بو، بەناوی (ساڵح ئاغا) لەسەر ئەم گوندە داناوە. ئامانج لەم كارەی حەماغا هەوڵێك بو بۆ ڕێگریكردن لە هاتنی عەشیرەتی شێخ بزێنی بۆ قەزای كۆیە، لەسەر ئەم كارە تۆفیق ئاغای شێخ بزێنی زۆر تورە بووە، هەرایەكی گەورەی لەنێوان ئاغایانی شێخ بزێنی و حەماغا دروستكرد (حەویزی، 1984، 2/ 101؛ محمد، 1986، 49-50؛ 61-62).

لەلایەكی دیكەوە تاهیر حەویزی ئاماژەی بەوە كردووە (كاتێك هەریەكە لە سمایل ئاغا و تۆفیق ئاغای شێخ بزێنی لە خرابە دادەنیشتن، شێخ بزێنییەكان بە زۆر سەرانەیان لە جولەكە و موسڵمانیش وەردەگرت، تەنانەت هەوڵی دابەشكاریی وراتی كۆیەیان داوە و هەر بەوە نەوەستان، خەرمانێكی گەورەی حەماغا و حەسەن ئاغایان سوتاند، تا كاربەوە گەیشت، ڕۆژێك هەواڵیان بە حەماغا دا ( 8-9 )سواری شێخ بزێنی لە گوندی شەوگێڕ، وڵاغیان لە دەغڵی ئەو كردووە، بۆ ئەم مەبەستە حەسەن ئاغای برای حەماغا بە چەند سوارێكەوە بۆیان چووە، پاش ئەوەی حەسەن ئاغا گەیشتە ئەوێ تەقەیان لێكرد و حەسەن ئاغا كوژرا، ئیتر شێخ بزێنییەكان بەم كارەیان وتیان تازە ئێسك شكا، ئێمە لە دەشتی كۆیە جێگەمان نەما"( 1984، 2/ 99).

لە ڕاستیدا ڕەفتارە نەرێنییەكانی هۆزی شێخ بزێنی گەیشتبوە لوتكە، چونكە زۆربەی بەڵگەنامەكانی عوسمانی ئاماژە بەوە دەكەن پەلامار و هێرشەكانی شێخ بزێنی بۆسەر گوندەكانی كۆیە و دەوروبەری لە ڕادەبەدەر بووە و جێگەی قبوڵ نەبوە، بەردەوام خەریكی خەرمانسوتاندن و تاڵانكردن و سەرانەوەرگرتن بون لەخەڵكی ناوچەكە (جەنگی، 2019، 2/189-195). هەرچەندە دادگای قەزای كۆیە چەندین جار سزای بۆ سەركردەكان دەركردووە، بەڵام گوێیان بەو هەرەشانە نەداوە، ئەوەتا بە گوێرەی ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەی موسڵ، كە ڕۆژی (19ی شەوالی 1321ك/ 8ی كانونی دووەمی 1904)دەرچووە، بڕیاری لەسێدارەدان بۆ (شێخ حوسێن) لە عەشیرەتی شێخ بزێنی و خزمی شەریف ئاغا دەرچووە، بە تاوانی كوشتنی كەسێك بەناوی باپیر كە خەڵكی ناو قەزای كۆیە بووە، بەڵام ئەو گوێی بۆ داواكاریی دادگا ڕانەگرتووە (ڕۆژنامەی موسڵ، 1321، 3/731).

دواجار لە ساڵی 1905 حەمائاغا بڕیاریدا هۆزی شێخ بزێنی لە ناوچەكە دەربكات، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك چەكداری لە هۆزەكانی مەنگوڕ و پیران كۆكردەوە و بنەماڵەی حەوێزییش تێدا بەشدابون، لە بەرانبەر گوندی حاجی قەڵا خێمەیان هەڵدا. ڕۆژی دواتر كاتێك 100 سواری شێخ بزێنی بۆ لەشكری كۆییان دێن و ناگەڕێنەوە، لە هەردولا ژمارەیەك خەڵك كوژرا، مەحمود ئاغای سارتكە خۆی و دوو كوڕی و (سمایل ئاغا)ی سەرۆكهۆزی شێخ بزێنی كوژران. ئەم شەڕە یەكلاكەرەوە بو؛ دوای ئەوەی شێخ بزێنییەكان شكان، دەرڕۆن هەتا دەگەنە گوندی ساتوقەڵا (حەویزی، 1984، 2/ 99). وادیارە شێخ بزێنییەكان وا بە ئاسانی دەستبەرداری گوندەكانی دەشتی كۆیە نابن، هەر بۆیە چەند جارێك هێرشدەكەنە سەر گوندی خرابە، تەنانەت ڕۆژێك ساڵح ئاغا لە دەرەوەی گوند دەبێت، شێخ بزێنییەكان دەرفەتیان بۆ دەڕخسێت هێرشدەكەنە سەر خرابە، كاتێك ساڵح ئاغا بەم هەواڵەی زانیوە خێرا دەگەڕێتەوە، دوای گەیشتنی فیشەكێكی بەردەكەوێت و بریندار دەبێت، بەڵام هەر ناهێڵێت دەست بەسەر گوندەكەدا بگرن(محمد، 50،1986). لە كۆتاییدا شێخ بزێنییەكان لەگەڵ بنەماڵەی حەماغای غەفوری ئاشتدەبنەوە و ساڵح ئاغای غەفوری كچی عوبێد ئاغای شێخ بزێنی بۆ كوڕەكەی كە ناوی (عەزیز)بو هێنا، ساڵح ئاغاش بەیەكجاری لە گوندی خرابە دانیشت. (یوسف شێخ بزێنی ، 2015، 112-113).

وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ كرد، بەشێك لە بەڵگەنامەكانی عوسمانی ئاماژە بەوە دەكەن، لە كاتی پەلامار و هێرشەكانی شێخ بزێنی بۆسەر گوندەكانی كۆیە و دەوروبەری، دەسەڵاتدارانی عوسمانی، لە سەنجەقی كەركوك و ویلایەتی موسڵ، گوێیان بە تەلەگرافە ڕەوانكراوەكانی قەزای كۆیە نەداوە، ئەمەش پاڵی بە شێخ بزێنییەكانەوە ناوە، كاری نابەجێی زیاتر، لە خەرمانسوتاندن و تاڵانكردن و سەرانە وەرگرتن لەخەڵكی ناوچەكە، بكەن. (جەنگی، 2019، 2/189-195). شایەنی باسكردنە ئەو كێشانەی قەزای كۆیە ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبو، كاریگەریی لەسەر تەواوی ژیانی خەڵكی شارەكە هەبوە، هەر بۆ ئەم مەبەستە (مەلا محەمەدی جەلی [13]– مەلای گەورە)، زۆر لێیان تورە بووە و گلەیی و گازاندەی لە دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە شارەكە كردووە، كە هیچ گوێیان بەو بابەتە نەداوە، دواتر مەلای گەورە لەگەڵ حەما ئاغای غەفوری بڕیاردەدەن سكاڵا بگەیەننە موتەسەریفی سەنجەقی كەركوك و ویلایەتی موسڵ، بەڵام كاربەدەستانی عوسمانی بەدەم سكاڵاكەیانەوە نەچون. مەلای گەورە و حەمائاغا لە هەوڵەكانیان نەوەستان؛ لە ڕێگەی بەڕێوەبەری تەلەگراف و گەیاندنی كەركوك (نائیل ئەفەندی )،كە دۆستی مەلای گەورە بووە، بۆ ماوەی (3-4) ڕۆژ لەو بەڕێوەبەرایەتییە مابونەوە، دواجار نائیل ئەفەندی بە بێتەل، بروسكەیەكی بۆ وەزیری ناوخۆ ناردووە. پاش وەڵامدانەوە، وەزیر پرسیاری كردبو ئایا هۆی ساردیی پەیوەندیی نێوان شێخ بزێنی و غەفوری چییە؟ لەوەڵامدا مەلای گەورە پێی وتبو دنیا ئاگری تێبەربووە تۆ لە ساردی دەپرسی! لەوە بە دواوە ئومێدیان بە وەزیری ناوخۆش نەمابو؛ مەلای گەورە داوا لە نائیل دەكات بروسكەیەكی تر بۆ كۆشكی سوڵتان بەناوی (مابین- بلاط) بنێرێت، كاتێك بروسكەكە گەیشتە نوسینگەی كۆشكی سوڵتان، پاش ئەو هەمو

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp167-177

بێهەڵوێستییەی کاربەدەستانی عوسمانی لە ناوچەکە نواندیان، دواجار ڕاستەخۆ لە ئیستانبوڵەوە بڕیار بۆ سزادانی چەند کاربەدەستێکی عوسمانی لە شارەکە دەرچو، لەوانە (والیی موسڵ و موتەسەریفی کەرکوك و چەند کەسێکی سەربازی و گرتنی سەرۆك عەشیرەتی شێخ بزێنی). دواتر هێزێکی نوێی عوسمانی گەیشتە ناوچەکە و گشت بەرپرسە سەربازییەکانی گۆڕی و پیاوماقوڵانی شێخ بزێنیش خرانە زیندانەوە. لەوکاتەدا حەماغا دڵی نەرم بوبو کە لێیان خۆش ببێت، بەڵام خەڵکەکە لێیان خۆش نەبوبون. دواتر لەلایەن ئاغاکانی عەشیرەتی شێخ بزێنی قەرەبوی ماددی ئەو خەڵکەش کرایەوە، کە زیانی ماددیان بەرکەوتبو، بۆ نمونە مەلای گەورە (40) لیرەی وەك قەرەبوی سوتانی خەرمانی لە گوندی پێبازۆك وەرگرتووە. (محمد،1986، 51 -52؛ یوسف شێخ بزێنی، 2015، 117-118؛ئەحمەد و نوری،2019، 6/ 103). بە شێوەیەکی گشتی عەشیرەتی شێخ بزێنی، وەك هێز، لە ساڵی (1905)ەوە لە قەزای کۆیە و دەوروبەری نەما و گەڕانەوە ناوچەکانی کەرکوك و دەوروبەری.

سەرەنجام پێمانوایە هەمو ئەو ململانێیەی لە نێوان هۆزی شێخ بزێنی و حەماغای غەفوری هەبوە، زیاتری بۆ ململانێی ئابوری دەگەڕێتەوە، چونکە ئەم گوندانەی دەشتی کۆیە لە ڕوی بەرهومی کشتوکاڵ و ئابوری و باجکۆکردنەوە بۆ ئەوکاتە زۆر گرنگ بون، بەتایبەتی کاتێك شێخ بزێنییەکان هاتن بۆ ناوچەکە، بۆیان دەرکەوت ئەم ناوچەیە خاکەکەی بە پیتە و کۆنترۆڵکردنی ئاسانە، بە ئاسانی دەستبەرداری نەدەبون، هەرچی حەماغاش بووە پیاوێکی بەرژەوەندخواز بووە، نەیویستووە کەسانی تر بێنە ناوچەکە و بەرژەوەندییەکانی بخەنە مەترسییەوە.

ئەوە جێگەی پرسیارە، بۆ تەنها حەماغا ڕوبەڕویان وەستاوەتەوە؟ لە کاتێکدا قەزای کۆیە، لە ڕوی سیاسییەوە، لە ژێر دەستی عوسمانییەکاندابو!

## ئەنجام

لە دوتوێی ئەم توێژینەوەیەدا بەم ئەنجامانەی خوارەوە گەیشتین:-

1. هاوکات لەگەڵ کۆتاییهاتنی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، ڕۆڵی مێژوویی میرنشینە کوردییەکانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی کۆتایی پێهات و سەردەمێکی نوێ لە کوردستان هاتەکایەوە، ئیدی بەشێوەیەکی ڕەها، لە ژێر سایەی ڕاستەوخۆی دەوڵەتی عوسمانی بەشێکی زۆری ناوچەکانی کوردستان بەڕێوە بران، پاشان دەسەڵاتدارانی عوسمانی لە ڕێگەی خۆ نزیککردنەوە لەگەڵ عەشیرەتەکان و پێدانی ئیمتیازات و زەویوزار، هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیان دا و توانییان بەشێك لە عەشیرەتەکانی ناوچەکە بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

2. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەوە تا سەرەتای سەدەی بیست، سروشتی کۆمەڵگەی کوردی، مۆرکێکی تەواو عەشیرەتگەریی پێوە دیاربو، گشت جومگەکانی سیستەمی دەسەڵاتی سیاسیی عوسمانی لە ناوچەکە، تەواو لاواز بوبون، ئەمەش وایکردبو دەسەڵاتی شارەکان لەبەرانبەر لادێیەکان لاواز بن و خێڵ و عەشیرەتەکان بوبونە بڕیاربەدەستی بەشێك لە گوندەکانی کوردستان.

3. لە سەرەتادا پەیوەندیی نێوان عەشیرەتەکان لەگەڵ یەکتری باش نەبون، هەریەکە هەوڵی دەدا لەسەر حیسابی ئەوی تر دەست بەسەر ناوچەکە دابگرێت، هەر بۆ نمونە پەیوەندیی نێوان عەشیرەتی شێخ بزێنی و دانیشتوانی شاری کۆیە سەرەتا باشبو، دواتر بە قۆناغێکی نالەباردا ڕۆیشت و دواجار ناخۆشی و شەڕی لێکەوتەوە.

4. لە سەرەتای سەدەی بیستدا، بارودۆخی کارگێڕی و سیاسی و سەربازیی شاری کۆیە، لە ماوەی حوکمی عوسمانی زۆر بەهێز نەبو، ژمارەیەك بەرپرسی تورك لە ناوچەکە دانرابون، توانای بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی ناوچەکەیان نەبو، ئەمەش دەرفەتی بۆ عەشیرەتی شێخ بزێنی ڕەخساندبو، سود لەو بارودۆخە وەربگرن و ئەوەی ئارەزویان لێبو کردیان، جگە لەوەش لەو کاتەدا هەندێك لە بنەماڵەکان و ئاغایان و کەسایەتییەکانی شارەکە بوبونە بڕیاربەدەستی شارەکە، یەکێك لەوانە حەماغای غەفوری بو، لەو ماوەیەدا لە زۆربەی ڕوداوەکانی شار بەشدار بووە و خۆی بە داکۆکیکاری شارەکە زانیوە، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە دەسەڵاتی سیاسیی شار توانای ڕوبەڕوبونەوەی ئەو بارودۆخەی نەبوە.

5. لەو ماوەیەدا شاری کۆیە جگە لە عەشیرەتی شێخ بزێنی بە کۆمەڵێك عەشیرەتی تر دەورە درابو، لەوانە (بڵباس، خۆشناو)، هەریەکە لەم عەشیرەتانە دەیانویست دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن و توانای ئابوریی ناوچەکە بۆ خۆیان دەستەبەر بکەن، هەروەها دەرکەوتنی کەسێکی وەك( حەماغای غەفوری)یش زیاتر لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی بووە، بۆیە هەمو کات هەوڵی دەدا پارێزگاری لە شارەکە بکات و ئەو هێزانە لە شارەکە دور بخاتەوە، خۆی وەك فریادە ڕەسی شارەکە نیشانداوە.

## سەرچاوەکان


ئەحمەد: بژار عوسمان. 2023، حەمائاغای گەورە لە بەڵگەنامەکانی عوسمانییدا(1836-1920)، پێشەکی ئامانج دڵزار،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

جەنگی:هیوا شێخ.2019،بەڵگەنامەکانی کۆیسنجاق لە ئەرشیفی عوسمانیدا،ب2،ئامادەکار:سادات ئەرگڵو،چاپخانەی پەنجەرە،تاران.

خۆشناو: هێمن عومەر.2021، فەقێ قادری هەمەوەند لە بەڵگەنامەکانی عوسمانی و قاجاریدا، چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی.

ڕەحمان:ئاشتی.2021، کەرکوك لە بەڵگەنامەکانی عوسمانیدا( 1113-1337ك/ 1702-1918ز)، ب12، ئامادە و پێشکەشکردنی:نەوزاد یەحیا باجگر ،بڵاوکراوەکانی زانکۆی جیهان،هەولێر.

ئ.بی: سۆن.2007، سلێمانی ناوچەیەك لە کوردستان، وەرگێرانی لە ئینگلیزیەوە: مینە،مەڵبەندی کوردۆلۆجی، سلێمانی.

ئێدمۆندس: سیسیل جۆن. 2004، کورد تورك عەرەب،وەرگێڕانی لە فارسیەوە: حامیدی گەوهەری، بڵاوکراوەی ئاراس، هەولێر.

ئەحمەد: جەمال ڕەشید.2008،کەرکوك و ناوچەی گەرمیان و مافی کۆنترۆڵکردنیان لەلایەن کوردەوە، چاپخانەی خانێ، دهۆك.

بدلیسی،شەرەفخانی.1981،شەرفنامە، وە:هەژاری موکریانی ،چ2،چاپخانەی جەواهیری،تاران.

جەلی زادە:نەجیبە.٢٠١٨، هەواڵی کوردەواری ساڵانی ١٩٦٢-١٩٦٣،پێشەکی لێکۆڵینەوەی کەمال مەعروف،بەرگی یەکەم دووەم،چاپخانەی دیلان، سلێمانی.

حەوێزی: طاهراحمد.1984، مێژووی کۆیە،ب2،چاپخانەی نمیر،بەغداد.

زرار:سدیق تۆفیق.2010، هۆزو دەسەڵاتە هۆزەکییە کوردییەکانی چاخی ناوەڕاست،وەرگێڕانی: ئیدریس عەبدوڵا مستەفا، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر.

شێخ بزێنی: سەعد فاروق یوسف.2015،هۆزی شێخ بزێنی، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

عەلائەدین: عەبدوالخالق.2014، کۆیە- ناودارانی،بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان، هەولێر.

کەریم: خالد محمود.2012، دەوڵەتی عوسمانی و عەشیرەتە کوردەکان لە کوردستانی باشور 1869-1914، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی.

محمد:مسعود.1986،حەماغای گەورە، دەزگای ڕۆشنبیری بڵاوکراوەی کوردی،بەغدا.

هەمەوەند:کەریم ئاغا. 2010، هۆزی هەمەوەند و بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردایەتی 1787-1918(توێژینەوەیەکی مێژوویی رامیاری)،بڵاوکەرەوەی هەماوەند بۆ چاپ و بڵاوکراوە،کەرکوك.

دائرة الاستخبارات البريطانية، 1979، العشائر الكردية- بين الزاب الكبير و ديالى: ترجمة: فؤاد حمه خورشيد، مطبعة الحوادث، بغداد.

مدیریة الاستخبارات العسکریة العامة الاولی.د.ت، العشائر الکردیه فی العراق،سری، د.م.

گولی، نزار أیوب.2023، إمارة داســن والشــیخانفي العهد العثماني 1515-1750- دراســة وثائقية،مراجعة:خلیل علی مراد و عبدالفتاح علي البوتاني،چاپخانەی زانکۆی ســەلاحەدین، هەولێر.

مارك ســایکس:2007، القبائل الکردیة فی الامبراطوریة العثمانیة، ترجمة: خلیل علی مراد،تقدیم ومراجعة وتعلیق، عبدالفتاح علي البوتاني، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزیع، دیمشق.

العزاوي: المحامی عباس.1947،عشائر العراق، ج2،مکتبة الصفا،لندن.

رۆژنامەی موسڵ،1321ك،ژ: 4/719.

رۆژنامەی موسڵ،1321،ژ: 3/731.

B.O.A(Başbakanlık Osmanlı Arşivi), DH_ŞFR(Dahiliye Nezareti Şifre Kalemi)_000319_00053_001-2.

B.O.A, DH_TMIK_M_00120_00024_001_001

B.O.A,DH.TMIK.M_00138_00012_002

B.O.A,DH_MKT_00659_00068_003_001

B.O.A,DH_ŞFR_00285_00087_001-2

B.O.A,DH_ŞFR_00287_00087_001-3

B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_033_001

B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_059_001

B.O.A,DH_TMIK_M_00127_00004_001_001

B.O.A,DH.MKT.00059_00068_002

## پەراویزەکان

---

(1)عەشیرەتی هەمەوەند: هەمەوەند: لە دەوروبەری ساڵی 1700 کەسێك بەناوی (خودادەشەل) لە عەشــیرەتی هەمەوەندی لە ناوچەی کرمانشــانەوە هاتووە بۆ ناوچەکانی زەهاو بناری پێنجوین، دواتر ڕۆشتوە بۆ دێی هەنگەژاڵە و پاش ماوەیەك بووە بە دەروێشی شێخ ڕەزای هەنگەژاڵە و هەر لەوێ ژن دێنێت و چوار کوڕی بە ناوەکانی( یادگار(چەلەبی)، ڕەمەزان ، ڕەشید ، سەفەر) بووە، زۆری نەخایەندووە، ئەم بنەماڵە دەچنە دەشـــتی بازیان و چەمچەماڵ، پاشـــان ئەو بنەماڵەیە بڵاودەبنەوە چوار لقی هەمەوەند بە ناوەکانی(چەلەبی بەگزادە، ڕەمەوەند، ڕەشوەند، سەفرەوەند) لێدروست بووە، بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(هەمەوەند، 2010، 47-66؛ خۆشناو،2021، 19-20).

(2) حەماغای غەفوری: حەمە ئاغا کوڕی مەحمود ئاغایە کوڕی حەمەد ئاغایە کوڕی کەریم ئاغایە کوڕی غەفور ئاغایە، لە ســاڵی ١٨٣٨ لە شــاری کۆیە لەدایك بووە ،پێنج ژنی هێناوە، دواجار لە ڕۆژی ١٩٢٠/٨/٢ کۆچی دوایی کردوە،(محمد،١٩٨٦: ٣٣-٦٧؛ عەلائەدین، 16،2014-19).

(3) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (1).

(4) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (2).

(5) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (3).

(6) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (4).

(7) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (5).

(8) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (6).

(9) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (7).

(10) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (8).

(11) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (9).


(12) بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە، دەقی بەڵگەنامەی پاشکۆی ژمارە (10).

(3) مەلای گەورە: مەلا موحەمەد کوڕی حاجی مەلا عەبدولا کوڕی مەلا ئەسعەد، بە مەلای گەورە ناسراوە، ســاڵی ١٨٧٦ لە شــاری کۆیە لەدایك بووە، هەر لە منداڵییەوە بلیمەتی و زیرەکیی پێوە دیاربووە. دوای مەرگی باوکی، ســاڵی ١٩٠٨ بەســەرۆکی زانایان دیاریکرا. ســاڵی ١٩١٦ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی ویلایەتی موسڵ. ساڵی ١٩١٨ دەبێتە قازیی شەرعی، پاشان لە ساڵی ١٩٢٤ دەبێتە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران. گشـــت کاتی ڕۆژانی ژیانی بۆ دانانی کتێب و خوێندنەوە و دەرســوتنەوە بەســەربردووە. ســاڵی 1943کۆچی دوایی کردووە. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە ( جەلی زادە،٢٠١٨، ٩-١٠).

## پاشکۆکان

پاشکۆی ژمارە (1)

ئەم بەڵگەنامەیە باس لە نێوەندگیری هەردوو قایمقامی کۆیەو هەولێر دەکات لەبەرامبەر هێرشەکانی هەمەوەندو شێخ بزینی بۆ سەر ناوچەکە.





DH.TMIK.M.00120.00024.001

(B.O.A, DH_TMIK_M_00120_00024_001_001)

پاشکۆی ژمارە(2)

ئەم بەڵگەنامەیە تایبەتە بە کار و کردەوەکانی عەشیرەتی شێخ بزینی لە شاری کۆیە و دەوروبەری.





DH.TMIK.M.00125.00039.033

(B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_033_001)

پاشکۆی ژمارە(3)

ئەم بەڵگەنامەیە لەلایەن والیی موسڵ (حاجی ڕەشید) نێردراوە، داوای کۆتاییهێنانی کێشەی نێوان حەماغا و شێخ بزێنییەکان دەکات



OSMANLI ARŞIVI
DH.TMIK.M
127 | 4 | 1

DH.TMIK.M.00127.00004.001

(B.O.A,DH_TMIK_M_00127_00004_001_001).

پاشکۆی ژمارە(4)

ئەم بەڵگەنامەیە بە شێوەی کۆدە، باس لە سزانەدانی عەشیرەتەکان دەکات لە بەرانبەر کارە خراپەکانیان.




DH.ŞFR.00285.00087.001

(B.O.A,DH_ŞFR_00285_00087_001-2

پاشکۆی ژمارە(5)

ئەم بەڵگەنامەیە بە شێوەی کۆدە باس لە هێرشی عەشیرەتی شێخ بزێنییەکان دەکات، نەبونی هەڵوێستی دادگا بەرامبەر ئەو کێشەیە.



TELEGRAMME
L'état n'accepte aucune responsabilité à raison du service de la télégraphie.

DH.ŞFR.00287.00081.001

(B.O.A,DH_ŞFR_00287_00087_001-3)

پاشکۆی ژمارە(6)

ئەم بەڵگەنامەیە باس لە گیرانی حەماغا و سەرك هۆزی شێخ بزێنی دەکات، سزادان و هێشتنەوەیان بۆ ماوەی چەند مانگێك لە سەنجەقی کەرکوك .



OSMANLI ARŞIVI
DH.TMIK.M
125 | 39 | 59

DH.TMIK.M.00125.00039.059

(B.O.A,DH_TMIK_M_00125_00039_059-001).

پاشكۆی ژمارە (7)


ئەم بەڵگەنامەیە باس لە ململانێی نێوان حەماغای غەفوری و شێخ بزێنییەكات دەكات




(B.O.A,DH.TMIK.M_00138_00012_002).

پاشكۆی ژمارە(8)


ئەم بەڵگەنامەیە باس لە هەڵوێستی كاربەدەستانی شاری كۆیە لە بەرانبەر هێرشەكانی عەشیرەتی شێخ بزێنی بۆسەر ناوچەكە دەكات.




B.O.A,DH_MKT_00659_00068_003_001

پاشكۆی ژمارە (9)


ئەم بەڵگەنامەیە باس لە ئاشتەوایی نێوان حەماغا و شێخ بزێنییەكان دەكات.



B.O.A,DH.MKT.00059_00068_002).

پاشكۆی ژمارە (10)

ئەم بەڵگەنامەیە بە شێوەی كۆدە، ئاماژەی بە بێهەڵوێستیی سوپای عوسمانی كردووە لەناوچەكەدا.




(B.O.A, DH_ŞFR_000319_00053_001-2)

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v8n1y2025.pp167-177